# تارماییەکانی کیسنجەر

**سەردار عەزیز**

من ئەمساڵ بۆ زانکۆ کاری زۆر دەربارەی سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئەمریکی و دونیا هینری کیسنجەر ئەکەم. کاری من بۆ زانکۆ خوێندنەوەیەکە لە روانگەی میشێک فۆکۆ و ئیدوارد سەعیدەوە بۆ پەیوەندی کیسنجەر لەگەڵ کورددا لە ساڵانی حەفتاکان. ئەگەر ئەوە مێژوویێت، هەرچەندە خوێندنەوەکەی من خوێندنەوەیەکی مێژووی نیە، بەڵام کیسنجەر لە ساتەوەختی ئێستادا سەرلەنوێ تارماییەکانی دەرئەکەونەوە. ئەم خوێندنەوەیە بۆ مێژوو خوێندنەوەیەکی رێزۆماتیکە؛ ئەویش، رابووردوو داهاتوو لە پرۆسەیەکی بەردەوامدان بۆ بوون بە یەک. بەڵام لەم نووسینەمدا دەمەوێ زیاتر دەربارەی گەرانەوەی کیسنجەر بکەم بەخۆی و دونیابینیەکانیەوە.

ئەمرۆ، ساتەوەختێکی تایبەتە. من لەوە ئاگادارنیم کە بەرێوبەرانی کاروباری سیاسی کوردوستان تا چەندێک ئامادەباشن بۆی. هاتنەوەی کیسنجەر بۆ ناوەندەکانی سیاسەت لە ئەمریکا کۆمەڵێک مانا و ئاماژەی تایبەتی هەیە، کە دەکرێ لە ئاستی جیاجیادا بخوێنرێتەوە. رەنگە یەکەیەمین ئاست ئەوەبێت ئێمە وەک نەتەوەیەک ترسمان هەیە بەرامبەر ئەو پیاوە. ترسێک کە هەمیشە لە نائاگایی ئێمەدا ئامادەیی هەیە، ئەم پیاوە وەک کورد دەڵێ؛ بەشوی داین. (ئەمە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی جودایە، کە پەیوەندی بە ئاستی ئاگایی ئێمەوە هەیە بەرامبەر سیستەمی نێودوڵەتی و قوتابخانەکانی فیکری نێودەوڵەتی، ئەگەر کات و بوار هەبێ حەزئەکەم لە داهاتودا کاری لە سەربکەم).

ئەوەی ئەمرۆ لە هەموو شتێکی تر هەنووکەییە، ئەوەیە کە لە ئاستی جیاجیادا گۆران روودەدات. ئایا تاچەندێک ئەو گۆرانانە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئێمەدا تەبایە، یان تاچەندێک دژ بە بەرژەوەندیەکانی ئێمەیە. بارودۆخی عێراق، نە بە دڵی حکومەتی ئەمریکایە، نە بە دڵی خەڵکی ئەمریکا، نەبەدڵی زۆرینەی خەڵکی دونیا. لە دەرئەنجامی ئەمەدا وەک بینیمان خەڵکی ئەمریکا لە هەڵبژاردنی میدتێرم-دا بە شێوەیەکی سەخت سزای حکومەتی ئەمریکی و پارتی کۆماریان دا. لە ئێستاوە دیموکراتەکان کۆنگرس و ئەنجومەنی پیران بەرێوەئەبەن، ئەمە وەها ئەکات لە بۆش بەئاسانی کاری بۆ بەرێوە نەچێت. سەرەرای ئەمە لە نێو پارتی کۆماریدا نارەزایی زۆر بەرامبەر ئیدارەی بۆش و بەتایبەت زاڵبوونی پارێزەرەنوێکان هەیە.

ئەمانە هەموویپێکەوە زەمینەیان بۆ کیسنجەر و دونیابینیەکانی خۆشکرد بۆئەوەی پاش لاوازبوونێک بۆ ماوەی شەش ساڵ جارێکی تر بە توندی بگەرێتەوە بۆ نێو پانتاییەکانی دەسەڵات. ئێستا کیسنجەر مانگی جارێک لەگەڵ بۆشدا کۆئەبێتەوە بۆ راوێژکردن. کیسنجەر بە کورتی یانی دوو شت. یەکەم ڤێتنام، دووەم قوتابخانەی ریالیزم بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان. یەکەم ڤێتنام یانی چی؟ بەکورتی ڤێتنام یانی دۆران. دۆران یان شکستی هێزی ئەمریکی لە ناوچەکەدا. لە سەردەمی جەنگی ڤێتنامدا نیکسۆن بۆیە کیسنجەری هێنا هەتا ئەمریکا لە دۆرانێکی ئابروبەرانە رزگارکات. هاتنەوەی کیسنجەر بۆ مەیدانی سیاسەت لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا بە هەمان مەبەستە.

دووەم، قوتابخانەی ریالیزم یانی چی؟ بەکورتی ئەم قوتابخانەیە مانای ئەوەیە، ئەمریکا دەبێ بە دوای بەرژەوەندی خۆیدا بگەرێ لە دونیادا بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایا ئەو بەرژەوەندیانە لە قازانج یان زیانی ئەوانی ترن. بۆیە بەلای ئەم قوتابخانەیەوە کاری ئەمریکا ئەوەنیە دیموکراسی یان مافی مرۆڤ لە دونیادا بڵاوکاتەوە، بەڵکو کاری سەرەکی ئەوەیە کە هاوکێشەیەک ئاڵۆز پێکەوەنێت کە هەمیشە هاوسەنگکردنی لە خزمەتی ئەمریکادابێت.

رووداوە رۆژانەکانی عێراق و سەرکەوتنی دیموکراتەکان، زەمینەی ئەوەیان رەخساندوە قوتابخانەی ریالیزم جارێکی تر باڵ بەسەر پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەمریکادا بکێشێت. ئێمە رۆژانە گوێمان لە ناو و کەسانی نوێیە، بەڵام رەنگە بۆ خوێنەری کورد ئەوەندە روون نەبن کە چ ماناو دەلالەتێکیان هەیە.

بۆ نموونە، گرپی بیکەر، بۆ نوسینی راپۆرتێک دەربارەی عێراق، لاچونی رامسفێلد و جێگرتنەوەی لەلایەن رۆبەرت گەیتسەوە. بەلام بۆ ئەوانەی چاودێرن لە سیاسەتی نێودەولەتیا ئەم ناوانە تەزوو بە لەشدا ئەهێنن. رۆژانی جیمس بیکەربوو ئێمە ئەنفال ئەکراین و رەو ئەکراین. لە سەردەمی گەیتسدا ئەفغانستان درایە دەست "موجاهیدەکان".

بەلام ئەوەی مایەی دلخۆشیە ئەوەیە کە تەنانەت کیسنجەر و هاوەلەکانی (قوتابخانەی ریالیزم) لەو بروایەدان کە عێراق ناتوانرێ جارێکی تر وەک وولاتێکی یەکگرتوو بەرێوەببرێت. لە چاوپێکەتنێکا لە گەل رۆژنامەی لۆس ئەنجەلوس تایم کیسنجەر دەلێ، وەک چەندین جار لەوەو پێش دووپاتیکردبوەوە؛ دەبێ کێشەی عێراق بکرێتە کێشەیەکی نێودەولەتی، بەتایبەت دەبێ وولاتانی دراوسێ رۆلێان هەبێ لە هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراقدا. ئەوەی ئێستا دەیبینین پلانەکەی کیسنجەرە، پەیوەندیکردن بە ئێران و سوریاوە، بەتایبەت لە رێی حکومەتی عێراقەوە چونکە ئەمریکا خۆی پەیوەندی راستەوخۆی لەگەل ئەم وولاتانەدا نیە. بەرای کیسنجەر دەبێ کۆنگرەیەکی نێودەولەتی ببەسترێت، وە بەوولاتانی دراوسی و ناوچەکە رابگەیەنرێت ئەگەر بێتوو هاریکاری نەکەن لە هێمنکردنەوە و سەقامگیرکردنی عێراقدا ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بەشێک لە عێراق بکەوێتە ژێردەستی ئیسلامی سیاسی توندرەووەوە، ئەلقاعیدە، بە مانای دروستبوونی ئیمارەیەکی ئیسلامی لە ناوەراستی عێراق. کیسنجەر بروای وایە ئەمە لە بەرژەوەندی هیچ وولاتێکدانیە بۆیە هەموو وولاتان لەبەرئەمە ناچاردەبن هاریکارییبکەن.

بەرای کیسنجەر ئەمریکا دەبێ واز لە ئامانجی دیموکراتیزەکردنی عێراق بهێنێ یان هیچ نەبێ پاشیخات، چونکە ئامانجی هەرە گرنگ ئەوەیە کە بارودۆخی وولاتەکە هێمن بکرێتەوە. بۆ پشتگیریکردنە ئەم رایە کیسنجەر دەلێ؛ عێراق ناتوانرێ بکرێتە وولاتێکی دیموکراسی چونکە عێراق لە رووی مێژوویەوە نەتەوەنیە وە هەرگیز نەتەوەیەک نەبوە بە ناوی نەتەوەی عێراق. بۆئەوەی دیموکراسی سەقامگیربێت پێویستە کۆمەلگای دیموکراسیخواز بە قۆناخی بە نەتەوەبووندا تێپەرببێت. ئەم تێروانیە لە سەرەتاوە وەک رایەکی شیاو دێتە پێشچاو، بەلام مەترسی ئەوە هەیە ئایا کیسنجەر ئەم رایە بەرچاوئەخات بۆئەوەی ئەمریکا واز لە بە دیموکراتیزەکردن بێنێت. چونکە بەرای کیسنجەر و قوتابخانەی ریالیزم ئەوە کاری ئەمریکانیە. بەلام لە هەمانکاتدا رەگی قولێ لە واقیعدا هەیە و رۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین.

ئەوەی پێویستە بووترێ پارێزەرەنوێکان دوژمنی سەرسەختی کیسنجەرن. ئەوان بروایان وایە ئەمریکا ئەرکی سەرشانیەتی کە دیموکراسی بلاوبکاتەوە چونکە تەنها ئەوە کلیلی سەقامگیریەکی درێژخایەنە نەک شێوازی ریالیزم. رووداوی یانزەی سیپتەمبەر یارمەتیدەربوو بۆئەوەی ئەمریکا زیاتر پێی لەسەر دیموکراتیزەکردن و قوتابخانەی ئایدیالیزم دابگرێ بەلام سەرنەکەوتنی ئەمریکا لە عێراق بوو بە هۆی شکستی قوتابخانەی ئایدیالیزم و پارێزەرەنوێکان. دیارە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن خیتابێکی ئالۆزە، تەنها هەنگاوی باش و مرۆڤ دۆستانە نیە، بەلکو هەمیشە مەبەست و بەرژەوەندی لە پشتیەوەیەتی. چونکە من بەش بە حالی خۆم بروام بەوە نیە کە ئەمریکا وولاتێکی دیموکراسی بێت. پێکەوە گرێدانی سەرمایەداری و دیموکراسی کە ئەمرۆ وەها بانگەشەی بۆئەکرێت کە بێ یەکتری نایانکرێت، جگە لە خیتابێکی هەلخەلەتێنەر هیچی تر نیە، (بۆ زیاتر لەم بارەیەوە دەتوانن لە دوا کتێبی پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکانی زانکۆی یۆرک نایل وود بنوارن)

ئەو پرسیارەی کە لە هەناوی هەموو کوردێکایە ئایا گوران چۆن چۆنی رووئەدات؟ ئەگەر بێتوو وولاتانی ناوچەکە لە سەروی هەموویانەوە ئێران و سوریا هاریکاری ئەمریکا بکەن و رازیببن ئەوا عێراق نەک فیدرال بەلکو دەبێتە وولاتێکی کۆنفیدرال؛ عێراق دەبێتە سێ وولات لەناو یەک وولاتدا.

بەڵام ئەوەی زیاتر بە تایبەت لە بەرامبەر کورددا ڕێگرە تورکیایە. لە نێو پارتی دیموکراتی ئەمریکادا ڕای زۆر هەیە کە عێراق وا باشە بکرێتە سێ پارچەوە. جۆن مارتە نوێنەری دیموکراتەکان لە پەنسیلڤینیا، بڕوای وایە ئەگەر هاتوو لە ئەنجامی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، وولاتی عێراق پارچە پارچە بوو ئەوا هەرهێندەی جیابوونەوەی پاکستان لە هیند خوێناوی دەبێ. (هەرچەند گێلێتیەکی زۆر لەم بۆچونەدا هەیە بەڵام بەلای کەمەوە مانای ئەوە ئەبەخشێ کە دیموکراتەکانیش بڕوایان بە بەشکردنی عێراق هەیە).
یەکێک لەو بابەتابەی کە جێی سەرنجە ئەو ڕاپۆرتەیە کە ریتچارد هۆلبروک (نوێنەری ئەمریکا بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان لە سەردەمی کلینتۆندا) وە ڕۆناڵد ئاسمۆس لێپرسراوی دەزگای لێکۆڵینەوەی مارشال لە ئەڵمانیا. ڕۆژی دووشەمە لە ریگا، پایەتەختی ئیستۆنیا لە میانەی کۆبونەوەکانی ناتۆ وەک پێشنیارێک پێشکەشی ئەکەن. هۆلبروک و ئاسمۆس لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەڵێن واباشە سوپای ناتۆ بچێتە کوردوستان بۆئەوەی ڕێگا لە سوپای تورکیا بگرێ ئەگەر بیەوێ کوردوستان داگیربکات. هەردوو لێکۆڵەرەوە لە واشنتۆن پۆستدا بابەتێکیان لەم بارەوە نووسیوە لە ژێرناونیشانی هەنگاوی داهاتووی ناتۆ. کارێکی وەها ئەگەری ڕوودانی لاوازە، بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشکەرەی لەم ڕاپۆرتەدا ئەوەیە کە لە نێو دیموکراتەکاندا خواست هەیە بۆ ئەوەی کوردوستانی عێراق وەک خۆی بمێنێتەوە.

ئەمانە هەموو ئەگەرن و زیاتر لە دەرەوەی دەسەلات ڕوودەدەن. بۆش هێشتا تا دوو ساڵی تر لە سەر کارە وە برێکی زۆر لە پارێزەرە نوێکان لە نزیکەوە لە دەورین بەتایبەت، جێگری سەرۆک، دیک چینی.
لە ڕاپۆرتێکا لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ئەمریکی سایمۆن هێرش-ەوە بۆ گۆڤاری نیورکەر، هێرش دەڵێ؛ بەڕێوبەرایەتی بۆش سورە لەسەر سزادانی ئێران ئەگەر بێتوو لە سەر وەدەستهێنانی چەکە ئەتۆمی بەردەوام بێت. ڕاپۆرتەکەی هێرش لە ژێر ناونیشانی ئەوەدایە: ڕووداوی داهاتوو؛ ئایا بەڕێوبەراتی بریندار ئەگەری کەمتری هەیە لە ئێران بدات یان زیاتر. بە بڕوای پارێزەرەنوێکان لاوازکردنی ئێران تەنیا ڕێگاچارەیە بۆ سەقامگیرکردنی عێراق. بەتایبەت وەستانی پاڵپشتی ئێران بۆ تاقمی سەدر لە عێراق. بەڵام ئەم ڕایە مایەی سەرنجە چونکە لەوەناچێ ئەمریکا پاش عێراق بیر لە گۆڕانی ڕژێم بکاتەوە. لەم بارەدا ئایا ئێرانی لاواز، کە جێی گومانە ئێران بە دوو ڕۆژ بۆمباران ببێتە وولاتێکی لاواز، واز لە دەستێوەردانی عێراق بهێنێ، بەڵکو ئەگەری زیاتر دەستێوەردان هەیە.
خاڵێکی تری سەرنج ڕاکێش لە ووتارەکەی هێرشدا ئەوەیە کە ئەمریکا یارمەتی پارتی ژیانی کوردوستان ئەدات بۆ ئەوەی لە ئێران چالاکی ئەنجامدات، لە هەمانکاتدا یارمەتی لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیونی ئێرانی ئەدات. لە کاتێکا ئاشکرایە کە پارتی ناوبراو باڵێکی پارتی کرێکارانی کوردوستانی تورکیایە، کە سەرەڕای میراتی مارکسیزم، زۆرخۆشحاڵە کە لەگەڵ ئەمریکادا کاربکات. دیارە کوردی تورکیا لە هەڵوێستیان بەرامبەر ئەمریکا دوو بەرەن، ئەوانەی کە لە خاکی کوردوستان ئەژین-کوردوستانی باکور- حکومەتی کوردوستانی باشوریان پێباشە، لەگل هەنگاوەکانی ئەمریکادا هاوتەبان. بەڵام ئەو کوردانەی کە لە ئەستەنبول ئەژین، کە ژمارەیان نزیکەی چوار ملیونە، هێشتا زیاتر هەڵگری ئایدەلۆژیای مارکسیزمی ستالینین و بە شێوازی سەردەمی جەنگی سارد بیرئەکەنەوە و حکومەتی کوردوستانی باشور بە حکومەتێکی دەرەبەگایەتی، فیوداڵ، لە قەڵەم ئەدەن، وە بەهەموو پەیوەندیکردنێک لە گەڵ ئەمریکادا نارازین. (بۆ شارەزایی زیاتر لەم بارەیەوە، یادەوەریەکەی تاریق عەلی لە تورکیا، لە گۆڤاری لەندەن بووک ریڤیوو بخوێنەوە، هەروەها لە سەر ماڵپەری تاریق عەلی خۆی، تەنها بە زمانی ئینگلیزی). ئەمە وامان لێئەکات بگەینە ئەو بیروڕایەی کە کورد بە گشتی لە هەموو پارچەکانی کوردوستان نزیکترین دۆستی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. ئایا ئەمریکا بەگەڕانەوەی

بۆ کیسنجەریەت ئامادەیە ئەم پاڵپشتە لە دەستدات بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا هیچ بە دەست بێبێت، جگە لە سەقامگیریەکی کورتخایەن. وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەدایە ئایا چۆن ڕووداوەکان لە ناوخۆی ئەمریکادا ڕەنگ ئەدەنەوە. لێرە دیپلۆماسیەتی کوردی پێویستی بەکاری زیاترە لەم ڕوانگەیەوە.

لەلایەکی ترەوە دیپلۆماسیەتی کوردی لاواز و کەم شارەزایە. هەرچەندە گومان لە لێهاتووی هەردوو سەرکردەی کورد ناکرێت بەڵام هێشتا بارودۆخەکە پێویستی بە دیپلۆماسیەتی زیاتر هەیە. چونکە وەک ڕووداوەکان ئاماژەی پێئەکەن ئاستی ڕۆشنبیری سیاسەتمەدارانی کورد لە بەرامبەر چەمکە ئاڵۆزەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەرێوبردنی دەوڵەت و دیپلۆماسیەتدا لە ئاستی پێویستدا نیە. لە کتێبی مەرگی عێراقدا پیتەر گابرلێت باس لەوە ئەکات چۆن سیاسەتمەدارانی کورد ، نەیانزانیوە چۆن چەمکی فیدراڵی لە دەستوری عێراقدا داڕێژن، هەتا ئەو فریائەکەوێت و لە نامەیەکا بۆ نێچیرەڤان و بەرهەم ساڵەح چۆنێتی فیدراڵیزم بەرژەوەندی کورد لەو چۆنیەتەدا دائەڕێژێ. کە پاشان دەقاودەق دەچنە دەستوری عێراقەوە. دیارە ئەمە بە هیچ شێوەیەک لاوازی نیە چونکە لە دونیای مۆدێرندا سیاسەت لە ڕێی لێکۆڵەرەوان و شارەزایانەوە بەرێوەئەبرێت. باشترین نموونە تاقمی بیکەرە بۆ لێکۆڵینەوەی عێراق.